# ڕۆڵی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ‌و کاری بەرهەمهێناندا

لە بۆچوونی زۆربەی فەلسەفەکان، کارکردن بەدەر لە مانا ڕەمزییە کۆمەڵایەتییەکانیش هۆکاری بەرەو پێشڤەچوونی مرۆڤەو گرەنتی مانەوەشیەتی لە ژیان. جگە لەلایەنی داهات‌و دەسکەوتیش، لەلایەنی فسیۆلۆژیش کاریگەری باشی بەسەر مرۆڤەوە دەبێت.
دروستبوونی خێزان‌و کۆمەڵگاش لە دوو ڕەگەزی سەرەکی پێك دێت، کە ڕەگەزی نێرو مێیە، لە نێو هەر کۆمەڵگایەکیش ڕەگەزی مێ بە کائینێکی گرنگ دەژمێردێت‌و بەردەوام پێدەری ژیان‌و تەواوکەری ڕەگەزی نێرە، جا گرنگی نەدان بە ڕەگەزێك لەم دوو ڕەگەزانە، ئەوە جۆرە لاسەنگیەك دروست دەبێت لە ژیان‌و کارکردندا. ئیدی لەو سەردەمەی ئێستاش هەموو بۆچوونەکان دەڵێن، هەندێ لە کۆمەڵگایەکان تا ئێستاش نێرسالارین‌و نایەکسانیەك هەیە لە نێوان ژن‌و پیاودا، مافی ژن خوراوەو لە زۆربەی بوارەکانی ژیان بەشداری پێناکرێ، ئەمەش وایکردووە بەردەوام ئەم دوو ڕەگەزە بکەونە دوو بەرەی دژ بە یەکترو لە ململانێدا بن، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، ئەو لایەنەی من باسی لێوە دەکەم، ڕۆلی ژنە لە ئەرك‌و کارکردندا، ئەگەر هاتوو لە هەر کۆمەڵگایەك ژن بەشدار نەبێت لە بڕیاردان‌و دەسەڵاتی سیاسی‌و ژێرخانی ئابووری‌و وەبەرهێنان، ئەوە بێگومان کۆمەڵگایەك دەبێ لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر لاوازو لە ڕووی مەدەنیشەوە دواکەوتوو، چونکە پشت گوێ خستنی ڕەگەزی مێ لە کاری بەرهەمهێناندا، لەباربردنی هێزو توانایەکە، کە هیچی کەمتر نیە لەهی پیاو، ئافرەت توانایەکی باشی هەیە بۆ کارکردن‌و پێش خستنی کۆمەڵگا. ئەگەر سەیری کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بکەین، دەبینین هیچ جیاوازیەك لە نێوان کارەکانی ژن‌و پیاودا نیە، ئەو کارانەی پیاو دەیکات، ژنیش هەمان کار دەکات‌و دەتوانێت بیکات، هیچ یەك لە کارەکان بۆ ژن‌و پیاو دیار نەکراوە، تەنها ئەوە نەبێت کە پەیوەندی بە لایەنی فسیۆلۆجی‌و بایۆلۆجی مرۆڤەوە هەیە، پۆلێنکردنی ئەرك‌و کار لە نێوان‌و ژن‌و پیاو، پەیوەستە بە کولتورو داب‌و نەریتی کۆمەڵگایەکە، واتە بەدەر لە جیاوازیە فسیۆلۆجی‌و بایۆلۆجیەکان، هەموو ئەو جیاوازیانەی لە نێو ڕەگەزی نێرو مێ هەیە، تاکەکان‌و کولتورو داب‌و نەریت دروستیان دەکەن.


بەختیار سەباح
baxtear@zarikrmanji.com

ئەگەر لە کولتوری کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتیەکان بڕوانین، بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردی، دەبینین هەر دوای لە دایك بوونی منداڵ، جۆرە جیاوازیەك لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێ دەکرێت، هەر لە کڕینی جل‌و بەرگ‌و یاری منداڵان‌و ..هتد، لەگەڵ گەورە بوونی منداڵیش، ئەو جیاوازیانەشی لەگەڵ گەورە دەبن، بەتایبەت لە دیاریکردنی ئەرك‌و ڕۆڵی ژن‌و پیاو لە کارکردندا،وەکو ئەوەی کارەکان لە نێوان ژن‌و پیاو دابەشکراون، ئەبێ ژن کارەکانی ماڵەوە بکات، وەك پەروەردەکردنی خێزان، بەخێوکردنی منداڵ، چێشت لێنان‌و...هتد، کارەکانی دەرەوەش بۆ پیاو دانراوە، کەچی بەرامبەر ئەو کارانەی ژن لە ماڵەوە دەیکات هیچ پاداشت‌و دەستکەوتێکی نیە، لەلایەن پیاویش بەهایەکی بۆ دانەنراوە، بەڵکو وەکو کاریش سەیری ناکات، چونکە ئەگەر لە هەر پیاوێك بپرسیت هاوسەرەکەت چ کارێك دەکات؟ لە وڵامدا پێت دەڵێ " هیچ کار ناکات لە ماڵەوەیە"، سەرەڕای ئەمانەش وەچە نانەوە کارێکی تری ئافرەتە، کە بەلای ئەو قورسترین کارە، کەچی بەلای ئێمە نەك هەر بەکار حساب ناکرێت، بەڵکو بەچاوێکی زۆر کەم تێی دەڕوانین. لە زۆر وڵاتانی ڕۆژئاوا کاری وەچە نانەوە بە گرنگترین کاری ئافرەت دادەنرێت، بەرامبەر ئەمەش ژن پارەو پاداشت وەردەگرێ‌و ئەو کاتەی کە دایکیش دەبێ، تایبەتمەندیەکانی لەبەرچاو دەگیرێ. جا لەبەرئەوەی هەموو ئەو کارانەی کە ژن دەیکات، وەکو کار حسابی بۆ نەکراوەو هیچ پارەیەکیش بەرامبەر وەرناگرێ، هەمیشە داواکار بووە بۆ بەردەم پیاو، بۆ وەرگرتنی بڕە پارەیەك، بۆ ئەمەش ئافرەت هەموو شتێکی قبول کردووە، ئەگەرنا ئافرەتیش هاوشانی پیاو دەتوانێ هەموو ئەو کارانە بکات، کە پیاو لە دەرەوەی ماڵ دەیکەن، دەتوانێ بخوێنێت‌و بڕوانامەی بەرز بەدەست بێنێ، بەشدار بێت لە بڕیارو دەسەڵاتی سیاسی، ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە پەروەردەکردنی خێزان، هەر ئافرەتە کەسایەتی پیاو دروست دەکات‌و پێی دەگەینێ.